بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٥٠) ساڵی پێنجەم ١٠ /٢٠٠٤/١٠ ز (١٨)ی رەزبەر ٢٧٠٤ کوردی (٢٦)ی شەعبان ١٤٢٥ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :


- **یاسای ژمارە ( ٣٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٤** ل١
  دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە ( ١٤ )ی هەموارکراوی ساڵی ( ١٩٩٢ ) ی دەسەڵاتی دادوەری
- **بڕیاری ژمارە ( ٥٢ ) ی ساڵی ٢٠٠٤ ی پەرلەمانی کوردستان** ل٢
  قبوڵکردنی هەردوو پاڵێوراو ( عبدالکریم ابوبکر ) و( نجاة یاسین ) بە ئەندامی ئە نجومەن
- **بەیاننامەی ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی داد** ل٣
  کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ) لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی


50

www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

ناونیشان : هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد

دالە ( ٢٢٣١٨٢٣ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد (٥٠) السنة الخامسة ١٠/١٠/ ٢٠٠٤م (١٨) رەزبەر ٢٧٠٤ ك (٢٦) شعبان ١٤٢٥ هـ

## في هذا العدد

قانون رقم (٣٧) لسنة ٢٠٠٤ ص٤
**التعديل الثاني لقانون السلطة القضائية رقم (١٤) لسنة ١٩٩٢ المعدل .**

قرار برلمان كوردستان رقم (٥٢) لسنة ٢٠٠٤ ص٥
**قبول عضوية المرشحين ( عبدالكريم ابوبكر ) و ( نجاة ياسين ) في المجلس.**

بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٠٤ لوزارة العدل ص٤
**فتح ( مديرية الشؤون القانونية ) في رئاسة الأدعاء العام.**

www.moj-kurdistan.com
www.geocities.com/waqaea
e.mail: waqaea@yahoo.com

البدالة ( ٢٢٣١٨٢٢ _ ٢٢٣١٨٣٦ _ ٢٢٣١٤٣٣ )

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی دەرهێنان :٣٧**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/٩/٢٣**

پشت بە حوکمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)وماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عیراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن لە دانیشتنی ژمارە(٤٧)ی رۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٢)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی سالی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسـای ژمـارە( ٣٧ )ی سـالی/٢٠٠٤
## یاسـای دووەم هەمـوارکـردنی یاسـای ژمـارە( ١٤ )ی هەمـوارکـراوی سـالی ( ١٩٩٢ )ی دەسـەلاتـی دادوەری

**ماددەی یەکەم:**

برگەی یەکەمی ماددەی چل وچواری یاسای ژمارە(١٤)ی سالی ١٩٩٢ هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١–دادوەر تا(٧٠)حەفتا سال لە تەمەنی تەواو نەکا خانەنشین ناکرێ.

دەشێتیش کاتی تەواوکردنی شەست و سێ سال لە تەمەنی، لەسەر داوای خۆی خانەنشین بکرێ. لە هەردوو حالەتەکەشدا، خانەنشین کراوەکە ئەو مووچەو دەرمالەیەی دەکەوێ کە بەر لەخانەنشین بوونەکەی وەریدەگرت.

**ماددەی دووەم:**

١–حوکمەکانی ئەم یاسایە هەموو ئەو دادوەرانە دەگرێتەوە کە لە هەرێمی کوردستاندا لە کاردانە.

٢–ئەو دادوەرانەی بەر لە بەرکارخستنی ئەم یاسایە خانەنشین کراون و تەمەنی خانەنشینیی ئیجبارییان تەواو نەکردووە، دەشێ بخرێنەوە سەرئیش.

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**

ئـەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق**
**ژمارەی بڕیار:٥٢**
**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٤/٩/٢٢**

## " بـــڕیـــار "

پشت بە حوکمی ماددەی(٤٤)لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)وماددەی (١٢)لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی– عیراق و، لەسەر داوای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٢)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم**: قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو (عبدالکریم ابوبکر) لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا لە جێگەی ئەندامی خوالێخۆشبو (محمد سعید یعقوبی).

**دووەم**: قبوڵکردنی ئەندامێتیی پاڵێوراو (نجاة یاسین) لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا لە جێگەی ئەندامی خوالێخۆشبو (ابراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی).

**سێیەم**: ئەو دوو پاڵێوراوەی لیستی هەڵبژاردنەی سەرەوە. لە ڕۆژی (٢٠٠٤/٩/٢٢)دا سوێندی یاساییان خواردووە، لەبەرئەوە ئەندامێتییان لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقدا، هەر لەو ڕۆژەوە لەکاردا دەبێت.

**چوارەم**: پێویستە سەرۆکایەتیی ئەنجومەن ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**پێنجەم**: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ئیقرارکردنیەوە ڕێکەوتی (٢٠٠٤/٩/٢٢)ەوە دەخرێتە بەرکار و لە (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتـــی داد**
**بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەڕێوبەرایەتی پەیوەندییە دادی و یاساییەكان**
**ڕێكەوت : ٢٠٠٤/١٠/٦**

## بــەیــان ژمارە ( ٣ )

پشت بەو دەسەڵاتەی بە پێی بڕگە ( ٢ ) لە ماددەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بەکردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی) لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی.

**هـــادی علـی**
**وەزیـــری داد**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بـاسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم الإصدار: ٣٧**
**تـاريخ الإصدار: ٢٠٠٤/٩/٢٣**

استناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦)والمادة (٥٣)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق ، وما شرعه المجلس بجلسته المرقمة(٤٧)والمنعقدة بتاريخ ٢٠٠٤/٩/٢٢وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣) من المادة الثانية من القانون رقم(١٠)لسنة ١٩٩٧قررنا إصدار القانون الآتي:

## قـانـون رقـم ( ٣٧ ) لسـنـة ٢٠٠٤
## قـانـون التعـديـل الثـانـي لقانـون السـلطـة القضائيــة رقــم ( ١٤ ) لسـنة ١٩٩٢ المعــدل

**المـادة الأولـى:**

تعدل الفقرة الأولى من المادة الرابعة والأربعون من القانون رقم (١٤) لسنة ١٩٩٢ وتقرأ كالآتي:

١-لا يحال الحاكم على التقاعد إلا بعد إكماله (٧٠)السبعون من عمره ويجوز إحالته على التقاعد بناءً على طلبه عند إكماله الثالثة والستون من العمر وفي كلتا الحالتين يستحق المحال على التقاعد ما كان يتقاضاه من راتب ومخصصات قبل إحالته على التقاعد.

**المـادة الثانيــة:**

١-تسري أحكام هذا القانون على جميع الحكام العاملين في اقليم كوردستان.

٢-يجوز إعادة الحكام المحالين على التقاعد قبل نفاذ هذا القانون إلى الخدمة من الذين لم يكملوا سن التقاعد الإجباري.

**المـادة الثـالثـة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المـادة الرابعــة:**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**د.كـمـال عـبـدالكـريـم فـؤاد**
**رئيـس المجلـس الوطنــي لكـوردســتان - العــراق**

ئــــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**بـاسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**
**رقم القرار: ٥٢**
**تـاريخ القرار: ٢٠٠٤/٩/٢٢**

## " قــرار "

استناداً إلى حكم المادة(٤٤)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل والمادة(١٢)من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان—العراق رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءً على طلب المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٤/٩/٢٢مايلي:

**أولاً:** قبول عضوية المرشح (عبدالكريم أبوبكر ) محل العضو المتوفي المرحوم (محمد سعيد يعقوبي)في المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**ثانيـاً:** قبول عضوية المرشح (نجاة ياسين ) محل العضو المتوفي المرحوم (ابراهيم عبدالقادر دۆغرەمەچی)في المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**ثالثـاً:** لأداء المرشحين في القائمة الانتخابية أعلاه اليمين القانونية في ٢٠٠٤/٩/٢٢ عليه تكون عضويتهما في المجلس الوطني لكوردستان العراق نافذة اعتباراً من التاريخ المذكور.

**رابعـاً:** على رئاسة المجلس تنفيذ القرار.

**خامسـاً:** يكون هذا القرار نافذاً اعتبارا من تاريخ إقراره في ٢٠٠٤/٩/٢٢وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.كمال عبدالكريم فؤاد**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com